www.kurdistannet.org
8-11-2006 9:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیمانە لەگەڵ ڤینۆس فایەق دەربارەی مافەکانی ژن و بزوتنەوەی ژنان ... ئا: ستیڤان شەمزینانی

ستیڤان:ئێمە چەندین ڕێکخراوی ئافرەتانمان هەیە بەجیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حیزبین بۆ لەقاڵبدانی ژنان لەچوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لەکوردستان بزوتنەوەی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەکی ژنانە و فێمینستانە بێت؟

ڤینۆس فایەق:



بزووتنەوەیەکی لەو جۆرە هەیە بەڵام ئەو ڕێکخراوانە پێشەنگی نین، هیچ کات باوەڕم وانیە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خانمان و هاوشێوەکانیان لە کوردستاندا کە لە ژێرباڵی حیزبەکاندا دروست ئەبن بتوانن ببنە پێشەنگی بیرۆکەی فێمێنیستی، چونکە ئەوان دەرهاویشتە و دروستبووی دەستی حیزبەکانن، دروستبوونی ئەوان بریتیە لە بەشێکی دانەبڕاو لە پەیرەوپرۆگرامی حیزبەکان و دواتر ئەوان واجیهەی شارستانی حیزبەکانن، نەک پێشەنگی هیچ بزووتنەوەیەک، چونکە دروستبوونی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرە لە هەر جێگایەکی دونیادا پێویستی بە حیزب نیە دەستپێشکەری بکات ڕێکخراوی بۆ دروستبکات و دوایی ئەو ڕێکخراوە ببێتە پێشەنگی بزووتنەوەی فێمێنیستی، ئەوەشمان لەبیرنەچێت بیری فێمێنیستی تەواو دژی هەموو ئایدیۆلۆژیای ئەو حیزبانەی ئێستای کوردستانە، ئەگەر دانیشی پیانەنێن، ئەوە وەکوو بیری چەپ و ڕاست وایە کە چەند دژی یەکن، یان بیری ئایینی و عیلمانی، ئەوەندە جیاوازی هەیە لە نێوان بزووتنەوەی فێمێنیستی و کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی ناو حیزبەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە ئەوان بە هێچ شێوەیەک ڕێگەیان پێنەدراوە بیری فێمێنیستی هەڵگرن، ئەگەر بانگەشە بۆ مافەکانی ژنانیش دەکەن ئەوا لە سنووری ئەوەی حیزبەکان ڕێگەیان پێدەدات.. چونکە لە کۆتاییدا بزووتنەوەیەکی وەکوو بزووتنەوەی فێمێنیستی لەناو ریزەکانی ژنانی سادەی ناو کۆمەڵگا دروست ئەبێت ئینجا ئەبێتە بەرنامە و کاری بۆ دەکرێ، نەک حیزبەکان ڕێکخراوەکان دروست بکەن و دواتر ئەوان ببنە هەڵگری فێمێنیستی، ئەوان باوەڕیان لەناو زۆرینەی ژنانی کوردستاندا نیە، تەنانەت خۆیان لەناو خۆیاندا باوەڕیان بە کاری یەکدی نیە..

هەروەک جەنابت ئاماژەت پێداوە لە رستەی یەکەمی دەقی پرسیارەکەدا " ڕێکخراوی ئافرەتانمان هەن بەجیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە"، کەواتە ئەو ڕێکخراوانەی هەن هیچی پەیامی مافەکانی ژنیان هەڵنەگرتووە بەهێندی ئەوەندەی پەیامی حیزبەکەیان هەڵگرتووە.. بەڵام من زۆر جار وتوومە هەبوونیان لە نەبوونیان باشترە بەمەرجێ بە شێوەیەکی لە شێوەکان لە خزمەتی دۆزی ژندا بن، هەرچەندە باش ئەزانم بە بیری حیزبەکەش بیردەکەنەوە و ئەوەش شتێکی نەگەتیڤە بەڵام ئەگەر حیزبەکە بکەنە وەسیلەیەک بۆ خزمەتکردنی ژن و مافەکانی، بەڵام ئەو کاتەی کە زیادڕەوی ئەکەن لە خزمەت کردنی و لە بەرجەستەکردنی دروشمی حیزب زیاتر لەوەی دروشمەکانی

مافەکانی ژن هەڵگرن و بهێننە کایەوە، ئەو دەمە دەڵێن نەبن باشترە، چونکە زەرەر و زیانیان زیاترە لە سوودیان. ئیدی هەتا تەنها ئەو رێکخراوانە دەمحاڵی ژن و ئافرەتان و مافەکانیان بن، مافی ژنانی کورد لە کەمبوونەوەدایە نەک لە زیادبووندایە، ئەوەشی مافی دەستەبەر دەکات بە توانا و تەسمیمی تاکە کەسی خۆی دەستەبەری دەکات، هیچی پەیوەندی بە کاری ئەو رێکخراوانەوە نیە، چونکە من بۆخۆم لە کاتی سەردانەوەکەمدا بۆ کوردستان بینیم چ بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو رێکخراوانە و ژنانی سەربەخۆ و بێلایەنی دەرەوەی ئەو حیزبانە، و بینیم ئەوان کار بۆ هەموو ژنان ناکەن، تەنها کار بۆ ژنانی ناو حیزبەکانیان دەکەن، تەنانەت کار بۆ هەموو ژنەکانی ناو حیزبەکانیشیان ناکەن، تەنها بۆ ئەوانەیە ئەندامن لە رێکخراوەکانیاندا، ئیدی من بۆخۆم هەرگیز باوەڕم وانیە ئەو رێکخراوانە هەڵگری هیچ دروشمێکی وابن بتوانن سودی پێبگەیەنن بە سەرجەم ژنانی کۆمەڵگا، ئەوەشی لە هۆکانی راگەیاندندا دەیکەن تەنها موزایەدە و هیچی ترنا بە مەسەلەی ژنەوە.. دەنا هەر ناشزانن بزووتنەوەی فێمینیزمی مانای چی؟ چونکە مافەکانی ژنیان لەنێو دروشمە حیزبییەکاندا تواندۆتەوە..

ستیڤان:گومان لەوە نییە چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگەو کولتوورێکی دیاریکراو، بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارەو فۆرمێکی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەوی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر رێکخراوەکانی ژنان چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟

ڤینۆس فایەق:

من هیچ باوەڕێکم بەو رێکخراوانە نیە هەتا رێگەیان بۆ دانێم، دواتر باوەڕیشم وانیە ئەو دەسەڵاتی کوردیەی ئێستە هەیە بیری لە مافی ژن کردبێتەوە، چونکە دەسەڵاتێکی هەتا سەر ئێسقان پیاوسالارە، ئەوەتا باشترین نمونە دەستووری کوردستانە کە هیچ قورسایی و بوونی بۆ ژن نەکردووە، تەنانەت ئەو کۆمیتەیەی ئەرکی پیاچوونەوە دارشتنەوەی دەستوورەکەی گرتۆتە ئەستۆ، لە کۆی 19 ئەندام تەنها یەک ئەندامی ئافرەتە، لە کاتێکدا دەبوو نیوا و نیوی ئافرەت بوایە..

هیچ کاتێک تەنانەت لە کاتەکانی هەڵبژاردنەکانیشدا دۆزی ژن ناکرێتە خاڵێک لە خاڵەکانی بەرنامەی ریکلامەی هیچی لەو حیزبانەی بە نیازن دەسەڵات وەرگرن، چونکە ئەوان ئەزانن ئەگەر ئەوە بکەن ئەبێت رێگەی بەشداری سیاسی بدەن بە ژن، ئەوەش مانای ئەوەیە ژن بەشێکی دەسەڵا-داگیر ئەکات، و دواتر کار بۆ دۆزەکەی خۆی دەکات، لەبەر ئەوە هەموو رێگەکان ئەگرن..

لەو میانەیەدا تەنها ئەوە ئەڵێم با ژن خۆی بەتەنگ مافەکانی خۆیەوە بێت، هەر ئافرەتە بۆخۆی لە جێی خۆیەوە ئەتوانێ لەو دەروبەرەی خۆی تیا دەژی شۆڕشێک هەڵگیرسێنێت لەڕووی دەسەڵاتی پیاودا، هەڵبەتە ئەو شۆڕشە بە مانای چەک هەڵگرتن و شەرکردن نا، بەڵکە بە پلەی یەکەم بە خۆ بەهێزکردنە بە بیروڕا و بە رۆشنبیری و بەوەی بۆ پیاوی بسەلمێنێت کە لە هیچ لایەنێکەوە هیچی لە پیاو کەمتر نیە، دەنا من بۆخۆم هیچ کات نە چاوەڕێی ئەو رێکخراوانەم نەکردووە، و نە چاوەڕێی دەسەڵاتیشم نەکردووە ناشیکەم، تەنها و تەنها چارە ئەوەیە ئەو رێکخراوانە بە هەڵوەشانەوەی حیزبەکان و دەسەڵاتەکە لە رەگەوە هەڵوەشێنەوە و جارێکی تر لە بەرگێکی تر و بە مێشک و ناواخنێکی فەلسەفی و فیکری ترەوە دامەزرێنەوە، لە دەسەڵاتەوە هەتا رێکخراوەکان..

ستیڤان:ژنانی کوردستان لەژێر توندترین چەوساندنەوەی کولتووریدان بە ئەندازەیەک ژمارەگەلێکی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، تەنانەت خۆ سوتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لەدڕندەیی کولتوور دەکات یان لاوازیی و پاسیڤ بوونی کەسێتی ژنی کورد؟

ڤینۆس فایەق:

بەڕاستی مەسەلەی خۆکوشتن یان پەنابردنە بەر خۆسووتاندن کارەساتە، جگە لەو هەموو جەور و کوێرەوەریەی ژنانی کورد دووچاری دەبنەوە، کەچی پەناش ئەبەنە بەر خۆکوشتن، ئەمە گەلێ ڕەهەند بە خۆیەوە ئەگرێت، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، پەروەردەیی، دەروونی، جگە لە ڕەهەندێکی تری شارراوە کە ئەشێ ناوی بنێین ڕەهەندی سووتاندنی بەها مرۆڤایەتیەکانی ژن، کە ئەوەش حاڵەتێکە ژنەکە دووچاری ئەبێتەوە پێش ئەوەش جەستەی خۆی بسووتێنێت، ئەو کاتەی ئەبینێت کۆمەڵگا هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان بەناو کولتووری و بەناوی ئایین و نامووس و شەرەفەوە ئەسووتێنێت، و بەناوی هەموو ئەو شتانەوە هەموو مافە سروشتیەکانی لێ زەوت ئەکات، ئەو کاتە هیچ مانایەک بۆ بوونی نابینێتەوە، بۆیە لە کۆتاییدا ئەگاتە پلەیەکی ترسناک لە بێهیوایی ئەبیات بەرەوە ئەوەی خۆی بسووتێنێ، بەو جۆرە وا ئەزانێت هەق لە کۆمەڵگا ئەکاتەوە، من لە کچکم بیست لە کوردستان کە کچێکی هاوڕێی خۆی سووتاندبوو، پێش ئەوەی خۆی بسووتێنێ پێی وتبوو: "ئەگەر خۆم سووتاند بۆ ئەوە خۆم ئەسووتێنم بۆ ئەوەی ئابڕووی هەموو پیاوانی خێزانەکەم بەرم، بۆ ئەوەی ئابڕووی کۆمەڵگایەک بەرم باوەڕی بەبوونی ژن نیە، چونکە ئەوان سەیری من دەکەن کەوا من سەرچاوەی شەرمم بۆ ئەوان چونکە کچم، هیچ مافێکی پی ڕەوا نابینن، تەنانەت کۆمەڵگاش بەو شێوەیە ئەڕوانێتە منی کچ"، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کچە گەیشتۆتە بەرزترین پلەکانی بێهیوایی لە سەرتاپای کۆمەڵگا، تەنانەت هیچ شتێک بە پشت و پەنا نابینێتەوە، نە ئایین، نە دەسەڵات، لە بەرامبەریشدا پیاوانی ئایینی بەڕووی دیاردەیەکی لەو جۆرە ئەوەستن و ئەڵێن ئەوە کفرە، بەڵام لەو هۆیانە ناپرسن و ناکۆڵنەوە کە وا لە ژنەکە دەکات خۆی بسووتێنێت، و دادگایی کۆمەڵگا بکەن، چونکە کۆمەڵگا و بیری پیاوسالار و بیری ئایینی دواکەوتوو کە میشکی تەنانەت ژنانیشی پێ ئاخنراوە، ئەوانە هەرهەمووی لێپرسراون لەبەردەم سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە..

ئەو دیاردەیە بێ گومان گوزارشت لە دڕندەیی کۆمەڵگای پیاوسالار دەکات، بەڵام پاسیڤبوونی ژن نا، چونکە تەنانەت قۆناغی پاسیڤبوونی ژن کۆمەڵگای لێی بەرپرسە، و تاوانبارە، دەنا ئەو ژنەی کەمترین ڕێژە لە ماف شک بەرێت، هەست بە بوونی کەسایەتیەکی خۆی بکات، ناگاتە ئەو پلەیە لە بێهیوایی و خۆی بسووتێنێ..

بەڵام ئەوەی گرنگە، ئایا ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان تا ئێستا چیان کردووە بۆ سنووردارکردنی ئەو دیاردەیە؟ ئایا ئەوان جگە لە قسە و سیمینار و کۆڕو کۆبوونەوە زیاتر بە کردار چیان کردووە؟ ئایا تا چ ڕاددەیەک ئەوەی لە سیمینارەکاندا ئەیڵێن بە کردار بەرجەستەیان کردووە؟

ستیڤان:بەدەر لەوەی کولتوری کوردەواریی ڕووبەرێکی بەرفراوانی تیایە بۆ بی بایەخکردن و چەوساندنەوەی ژن بەڵام یاساکان بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێکی یاساییدا ڕەوایی پێدەدەن، ئایا گۆڕینی یاساکان چەند کاریگەرە لەراستای دابینکردنی مافەکانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بەبی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاکتۆرێک بۆ پاراستنی ژن لەهەڕەشەی چەوساندنەوە و دواتریش یەکسانکردنی لەگەڵ پیاودا؟

ڤینۆس فایەق:

ئەو وەختەی کۆمەڵگا بە ڕاستگۆیی پێشدەکەوێت، ڕاستگۆیی بەمانای ئەوەی لە ژێرخانی فیکری و فەلسەفیەوە کۆمەڵگا بگۆڕدرێ نەک بە ڕووکەش، ئەو کاتە گومان لەوەدانابینمەوە کە ئەگەر یاساکانیش بگۆڕدرێن بە ڕێکوپێکی جێبەجێ ئەکرێن، ئێستاش پیاوهەن بە بێ ئاگاداری ژنەکانیان ژن ئەهێننەوە، تەنانەت پیاوەکانی هەندەران کە ئەڕۆنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو یاسایەی لەو بارەیەوە گۆڕدرا، بەوەی کەوا بۆ پیاو نیە ژن بهێنێتەوە بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەمی، ئەو یاسایە

هیچ كاریگەریەكی وای نەبووە، بگرە هەر كاریگەری نەبووە، چونكە ئێمە پێویستیمان بە گۆڕانی پێكهاتەی عەقڵی فیكریو فەلسەفی كۆمەڵگایە، پێویستیمان بە گۆڕانی ئەخلاقی كۆمەڵگایە پێش ئەوەی یاسان بگۆڕین، خۆ ئەوانەی یاساكانیش ئەگرن هەر پیاون و باوەڕیان بە مافی ژن نیە.. هەتاش من باوەڕم وایە تەنانەت ئەو پیاوانەشی داكۆكی لە مافەكانی ژنان ئەكەن، ئەو مافانەی داوای دەكەن بۆ ژنان بە مەزاج و ویست و ئارەزووی خۆیان داوای دەكەن، پاشان بۆ جۆرێك لە ژنان و زەوتی ئەكەن لە جۆرێك لە ژنانی تر، داوای دەكەن بۆ ئەو ژنانەی دڵیان ئەیخوازێ بۆ ئەوەی ئازادی ئەوەیان هەبێت داواكاریەكانیان جێبەجێ بكەن (روونتر بۆ مەبەستی رابواردنی خۆیان)، بەڵام زەوتی ئەكەن لە ژنانی نزیك خۆیان بە بەهانەی پارێزگاری كردنی شەرەفی خێزان و كۆمەڵگا..
كەواتە مەسەلەكە یاسا و گۆڕانی یاسانیە، چونكە وەكوو وتم كەسەكان یاساكان دا ئەنێن و ئەشیان گۆڕن، ئەگەر ئەو كەسانە خۆیان كامڵ نەبووبن و لە قووڵایی بیروهۆشیاندا باوەڕیان بە مەسەلەكە نەبێت، ئەوا وەكوو ئەوە وایە یاسا ئەگۆڕین بەڵام سفر بەدەستی ژنەوە.. ئەوەشمان لەبیر نەچێت هەتا ئەو یاسایانەی ساڵانێك لەمەوبەر گۆڕدران، بزووتنەوەیەك بوو یەكێتیەكانی ژنان و ئافرەتانی سەربەحیزبەكان بوون، كە بۆ جوانكردنی حیزبەكە و دواتر وەكوو ریكلامەیەكی رەنگاورەنگ بوو بۆ حیزبەكان، بەڵام هەرهەمووی لە كۆتاییدا بریتی بوو لە پرۆژەیەكی حیزبی و هیچی تر نا..
ستیڤان:ئەگەر بەزمانێكی سادەو كەمێك تەقلیدیی ئەو پرسیارە بكەین داخۆ چارەنووسی ژنی كورد بەكوێ دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەك دەركەوتووە تا ژنی كورد لەم میحنەتە رزگار بكات یان دەبێت چاوەڕێی گڵۆبالیزەیشن و كاریگەریی دەرەكی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بكات تابتوانی كەمێك لەو خەباتە سوودمەند بێت؟
ڤینۆس فایەق:
بۆ وەڵامدانەوەی بەشی یەكەمی پرسیارەكە پێویستیمان بە فاڵچی و بەختگرەوەیەكە تا بزانین چارەنووس و داهاتووی ژنی كورد بەچی ئەگات، چونكە هەتا ئێستا ئەو بزووتنەوە راستەقینە ئازاد و بێلایەنە لەناو ریزەكانی ژنی كوردا نابینمەوە، هەتا ئێستاش جیاوازی هەیە لە جۆری ئەو دروشمانەی ژنان و ئافرەتان هەڵیان گرتووە لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبیان، تەنانەت لە هەندەران كاركردن بۆ ژنان لەناو جالیەی كوردیدا بەستراوەتەوە بە بیری حیزبایەتی، بەداخەوە گلۆبالیزەیشن خزمەتی مرۆڤایەتی لە هەموو جیهاندا كردووە لە قووڵاییدا، بەڵام لەناو میللەتی كوردا تەنها توێكڵی گۆڕیوە، چونكە هەتا ئێستاش كۆمەڵگاكەمان كۆمەڵگایەكی توێكڵپەرستە، هەتا ئێستاش ئەو دروشمانەی هەڵمانگرتوون لەدەرەوەی عەقڵماندا ئەیانڵێینەوە..
هیوادارم ژنی كورد سوود لە ئەزموونی ژنانی دونیا ببینێت دوور لە توێكڵ و باق و بریقی ژیان، چونكە ژنی كورد زۆری قوربانی داوە، و شایستەی دەستكەوتی گەورە و مەزنە، هەرنەبێ خاوەنی شەهیدەكانی تاوانەكانی ئەنفال و هەڵەبجە و گۆڕەبەكۆمەڵەكانە، دەبێ ئێمە لەو گۆشەیەوە بڕوانینە چارەنووسی ژنی كورد..

Shamzini79@hotmail. com